**بەش: کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ: سەلاحەددین ـ هەولێر**

**بابەت: ڕێبازی لێکۆڵینەوە**

**پەرتووکی کۆرس: بەکالۆریۆس/ پۆلی سێیەم**

**ناوی مامۆستا: پ. ی. د. کارزان محسن قادر**

**ساڵی خوێندن: 2023 – 2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | |
| 3. بەش/ کۆلێژ | کوردی/ پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: karzan. qader@ su. edu . krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504575858 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | سێ کاتژمێری تیۆریی و پراکتیکی |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | <br>**Personal Information:**<br>**Full Name:** کارزان محسن قادر<br>**Academic Title:** پرۆفیسۆری یاریدەدەر(د)<br>**Email: (university email):**karzan.qader@su.edu.krd<br>**Mobile:**07504575857<br>**Education:**<br>**State all educations accomplished**<br>ـ بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر لە 2ـ 8 ـ 2009<br>ـ بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆرا لە 27 ـ 11 ـ 2013<br>ـ بەرزبوونەوەی پلەی زانستی بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە 17 ـ 12 ـ 2017 |

**Employment:**

- **State employment starting from first employment**

**2011 – 11 – 12**

**Qualifications**

- **Teaching qualifications بەشدریکردن لە خوولی ڕێگاکانی وانەوتنەوە(زانکۆی سۆران) ساڵی 2011**
- **IT qualifications بەشدریکردن لە خوولی کۆمپیوتەر (زانکۆی سەڵحەددین) ساڵی 2007**
- **Language qualifications such as TOEFL, IELTS or any equivalent بەشداریکردن لە خوولی زمانی ئینگلیزی (زانکۆی سەڵاحەددین) ساڵی 2008**
- **Any professional qualification**
- **You could put any professional courses you have attended بەشداریکردن لە کۆرسی فێربوونی زمانی فارسی (بەشی فارسی/ کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین) ساڵی 2010**

**Teaching experience:**

**State all teaching courses you delivered, stating undergraduate or post graduate -**

**Courses, trainings, lab supervision, etc., -**

**لەساڵی (2011)ـوە وانە بە قوتابییانی بەکالۆریۆس دەڵێمەوە. هەروەها لە ساڵی (2019)ـوە کۆرسی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) دەڵێمەوە.**

**Research and publications**

**State all researches, publication you made. -**

**ـ بەمرۆڤکردنی شوێن و بەشوێنکردنی مرۆڤ لە ڕۆمانی هەولێری شێرزاد هەینیدا.**

**ـ لێکەوتەکانی زیندان لە ڕۆمانی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەددا.**

**ـ بە ئاژەڵکردنی مرۆڤ لە ڕۆمانی گەماڵی خوسرەو جافدا.**

**ـ باوکسالاری لە ڕۆمانی ژنێک بەسەر منارەوەی شێرزاد حەسەندا.**

**ـ ڕیالیزم لە ڕۆمانی جەنگی سەڵاح عومەردا.**

**ـ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە قەسیدەی بەحری نووری مەحویدا.**

| | |
|---|---|
| ـ ڕەخنەی کولتووری لە ڕۆمانی دواشەوی دابەزینی عیسای شێرزاد حەسەندا.<br><br>**Conferences and courses attended**<br><br>**- Give details of any conferences you have attended, and those at which you have presented delivered poster presentations.**<br><br>**بەشداربوون لە کۆنفرانسی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە ساڵی 2018.**<br><br>**Funding and academic awards**<br><br>**- List any bursaries, scholarships, travel grants or other sources of funding that you were awarded for research projects or to attend meetings or conferences.**<br><br>**Professional memberships**<br><br>**- List any membership you hold of any professional body or learned society relevant to your research or other life activities.**<br><br>ـ وەرگێری یاسایی (بەمەبەستی کاری وەرگێران).<br><br>ـ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری گێرانەوە.<br><br>**Professional Social Network Accounts:**<br><br>**- List your profile links of ReserchGate, LinkedIn, etc.**<br><br>**https://www.researchgate.net/profile/Karzan-Qader**<br><br>**karzan muhsen qader https://scholar.google.com**<br><br>**https://academics.su.edu.krd/profile-admin/karzan.%20qader**<br><br>**It is also recommended to create an academic cover letter for your CV, for further information about the cover letter, please visit below link:**<br><br>**https://career-advice.jobs.ac.uk/cv-and-cover-letter-advice/academic-cover-letter/** | |

| | |
|---|---|
| | |
| | **9. وشه سەرەکیەکان** |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ شارستانییە کۆنەکانی وەک: میزۆپۆتامیا، میسری کۆن، گریک. بەڵام لەسەردەمی ڕۆشنگەری پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت .

بەدیارکراوی مێژووی ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەوکاتەدا ڕوونتر بوو کە بیرمەند و فەیلەسووفانی گریک وەک تاڵیس و فیساگۆڕس و ئەفلاتون و ئەرستۆ، پێداگریان لە مەسەلە لۆژیکییەکان دەکرد بە مەبەستی تێگەیشتن لە جیهانی سروشت و چەسپاندنیان بە بەڵگەوە، هەروەها چەسپاندنی چاودێریکردنی سیستەم و چاودێریکردنی مەعریفە جیاوازەکان لە ڕێگای عەقڵەوە.

بۆ ئەم مەبەستە ناکرێت سەردەمی زێرینی ئیسلام لە یادبکرێت، بەتایبەت لە سەدەی هەشتەم بۆ سێزدەیەم، لەسەردەستی بیرمەند و زانایانی وەک کیندی و فاڕابی و ڕازی و ئیبن سینا و خوارزمی و ئیبن هەیسەم و هتد، کە گرنگیان بە چاودێری تاقیکردنەوەکان دەدا، لەپاڵ ئەمانەدا وردبوونەوە لە بوارەکانی پزیشکی و فەلسەفەی سروشت و گەردوون بیرکاری و کیمیا و چەندین بابەتی تر.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

ئامانجە گشتییەکان : هەر لە چوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا شانازییەکی ئێجگار بە فەیلەسووفی ئینگلیز سێر فرانسیس بیکۆن ـەوە دەکرێت، پێیان وایە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر دەستی ئەمەوە دەخەملێت و بناغەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی پتەوتر کرد.

لە سەدەی هەژدەهەمدا، قۆناغێکی تری گەشەسەندنی هزر و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی دەستپێدەکات، ئەویش بەهۆی کاریگەرییەکانی ڤۆڵتێر و دیدرۆ و ڕۆسۆ... هتد، کە ڕێبازی عەقڵگەریی دەبێتە چەقی لێکۆڵینەوە زانستییەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا هێنانەئارای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، هەروەها بەکارهێنانی بنەما زانستییەکان بۆ ڕۆشنایی خستنەسەر لایەن و بوارەکانی ژیانی مرۆڤ.

لە سەردەمی ڕۆشنگەرییدا، لەسەدەی هەژدەهەمدا زیاتر ڕێبازی لێکۆڵیەوەی زانستی لەسەر پێیەکانی خۆی دەوەستێت، وەک چۆن لە سەردەم و سەدەکانی پێشوودا گرنگی بە سەنگی عەقڵ دەدرا لە یەکلاکردنەوەی بابەتە زانسییەکاندا.

ئامانجە تایبەتییەکان : لە سەدەی نۆزدەهەمدا، پەرەسەندنی بوار و تیۆر و میتۆدی تایبەتمەند بە زانستەکان، بووە هۆی دامەزراندنی بنەما زانستە نوێیەکان. لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە بە ئەزموونی کارکردنی زانایانی وەک چاڕلز داوین لە تیۆری پەرەسەندن و ئەلبێرت ئەنیشتاین لە تیۆری ڕێژەیی دەکرێت .

هەر لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا دامەزراندنی بنەماکانی دەروونناسی لەسەردەستی سیگمۆند فرۆید، بە هەنگاوێکی تری ڕیبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لەقەڵەمدەردێت. هەر ئەم سەدەیە گەواهیدەری پیشەییبوونی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بوو، ئەویش بەهۆی دامەزراندنی چەندین زانکۆ و ناوەندی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵگەی زانستی.

**12. ئەرکەکانی قوتابی:**

- ئامادەبوونی قوتابی لە پۆلدا بە بەردەوامی .
- نابێت قوتابی بیانووی جۆراوجۆر بدۆزێتەوە ، بۆ خۆ دزینەوە لە خوێندن و ڕاپەڕاندنی ئەرك و فەرمانەکانی . هەروەها بەشێوەیەکی دروست و کردەیی پابەندبێت بەپرۆسەیی خوێندن و خوێندنەوە .
- جەختکردنەوە لە چالاکیەکانی پۆل ، پێویستە قوتابی وەك کەسێکی (بکەر) خۆی بنوێنێت نەوەك وەك کەسێکی (کار لەسەرکراو) .
- پێویستە قوتابی ئەرکە زانستیەکانی جێ بەجێ بکات وەك : کورتە ڕاپۆرت و ڕاپۆرتەکان و ، بە شێوەیەکی دروستیش بەشدار و پابەندبێت بە تاقیکردنەوەکانەوە . لە پاڵ ئەمانەشدا ئاکار و ڕەوشتی قوتابی پێویستە ڕەچاو بکرێت لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ستافی وانەبێژان و مامۆستایان و دەوروبەرەکەی.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت و  تەختە سپی، و بەکارهێنانی دەفتەر و کتێب.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

ئەنجامدانی دوو تاقیکردنەوە، هەر یەکەیان لەسەر بیست. واتە نمرەی کۆشش چل، لە کۆتایی سمستەریش تاقیکردنەوە لەسەر شەست ئەنجامدەدرێت.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە ، زۆربەی تیۆر و میتۆد و ڕەوت و بیروبۆچوون و دیدگا و ڕێچکەیەکی زانست و بوارەکان، هێندە کەلێن و درزیان تێدا ماوە کە ڕۆشنایی زیاتریان بخرێتەسەر، بەهۆی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بە بەڵگەوە تاقیبکرێنەوە، لایەنی ڕاستی و دروستی، ناتەواوی و کەموکوڕییان ڕوونبکرێنەوە و لێکبدرێنەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە بەردی بناغەی هەر زانستێک لە سەردەمی ئێستاماندا، کلیلی چارەسەری هەر کێشەیەکی زانستی بریتییە لە بایەخدانی زیاتر بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستییانە.

ڕێبازی لێکولێنەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە وێستگەکانی پێشکەوتنی هەر زانستێک پەیوەست نییە بە کەسایەتییەکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەو ئەزموونەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بریتییە لە چالاکییەکی کەڵەکەبووی زانا و بیرمەند و فەیلەسووف و توێژەران لەسەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کە بەشدارن لە ڕەوتی پەرەسەندن و پێشکەوتنیدا، ئەمەش لەپێناوی بەردەوامی وەڵامدانەوەی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان و گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە بیروبۆچوون و دیدگا و تێڕوانینە چەقبەستووەکان. ئەمەش بە واتایەکی تر ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەوتوو، ڕووداوێکی کتوپڕ نییە، هەر لەخۆیەوە هاتبێتەئاراوە و جلەوگیری لەدەستدابێت، بەڵکو ئەم ڕێبازە لە زۆربەی زانستەکاندا بەهۆی خوێندنەوە و وردبوونەوە و بابەتیبوونەوە لە توانای دایە توخمی کتوپڕی و چاوەڕواننەکراوی لەنێو ڕەوت و بوار و بابەتە زانستییەکان بسازێنێت.

جیهانگیری وایکردووە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەسەندنی بەرچاو بەحۆیەوە ببینێت، بەمەش پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکانی خێراتر کردووە، چونکە توێژەران لە سەرانسەری جیهاندا بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانج و ئەنجامی توێژینەوەکان کەرستە و ئامراز و هۆکار و ڕێبازی جۆراوجۆر بەکاردێنن. کەواتە لە ئەنجامی ئەوانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە قاڵب و شێواز و ڕێککاری لێکۆڵینەوە زانستییەکان بەدەر نین لە گۆڕانکارییەکان، ئەگەرچی ئەم گۆڕانکارییانەش سەرتاپاگیر نین.

**16. لیستی سەرچاوە:**


1- التفكير العلمي . د. فؤاد زكريا ، الكويت ، 1978 .

2- طرائق البحث العلمي ومناهجه . د. وجيه محجوب ، بغداد ، 1993 .

3- البحث العلمي . د. ذوقان عبيدات وآخرون ، عمان ، 2002 .

4- أصول البحث العلمي ومناهجه . أحمد بدر ، الكويت ، 1986 .

5- أساسيات البحث العلمي. د. احمد سليمان عوده ود. فتحي حسن ملكاوي ، عمان ، 2000 .

6- مناهج البحث في التربية وعلم النفس . د. سامي محمد ملحم ، عمان ،2006 .

7- الأنماط المنهجية وتطبيقاتها .د. أنور حسين عبد الرحمن ود. عدنان حقي ، بغداد ، 2007 .

8- الأسس التصورية والنظرية . د. أنور حسين عبد الرحمن ود. عدنان حقي ، 2008 .

8- Kirk . R. Experimental Design , California , 2005 .

| ناوی مامۆستای وانەبێژ | 17. بابەتەکان |
|---|---|
| کارزان محسن قادر | هەفتەی یەکەم: وشە یان زاراوەی (ڕێباز = میتۆد = مەنهەج) لەرووی زاراوەیی و زمانییەوە چی دەگەیەنێت.<br>هەفتەی دووەم: پێناسەی جیاواز لەبارەی لێکۆلینەوەی زانستی<br>هەفتەی سێیەم: جۆرەکانی لێکۆلینەوەی زانستی<br>هەفتەی چوارەم: لێکۆلینەوی پۆل (ڕاپۆرت،وتار،کورتەلێکۆلینەوە،کاغەز)<br>هفتەی پێنجەم: نامەی ماستەر،ماستەر نامە<br>هەفتەی شەشەم: (تێزی دکتۆرا،دکتۆرانامە،نامەی دکتۆرا)<br>هەفتەی هەفتەم: شێوازی ڕێکخستنی و ریزکرنی سەرچاوەکان<br>هەفتەی هەشتەم: چۆن نەخشە سازی (دیزاین) بۆ بەرگی توێژینەوەیەکی زانستی دەکەین<br>هەفتەی نۆیەم: لە چوارچێوەی پێشەکیدا چەند ڕەگەزێك کە پەیوەستن بەلێکۆلینەوەکەوە دەست نیشان دەکرێن<br>هەفتەی دەیەم: مەبەست لە ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەیەکی زانستی<br>هەفتەی یازدەیەم: چۆنیەتی  سوود وەرگرتن لە زانیاریی سەرچاوەکان<br>هەفتەی دوازدەیەم: دەستپاکی ئەکادیمی (زانستی) چییە ؟ چیمان پێدەبەخشێت یاخود چی بە توێژەر دەبەخشێت ؟<br>هەفتەی سێزدەیەم: ناپاکی ئەکادیمی چییە ؟ چیمان لێدەستێنێتەوە یاخود چی لە توێژەر دەستێنێت ؟<br>هەفتەی چواردەیەم: پەراوێز چییە؟ پەراوێز بۆ چ مەبەستێك بەکاردێت ؟<br>هەفتەی پازدەیەم: مەرج و ڕێساکانی وەرگرتنی زانیاری چییە؟ |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

لەمیانەی هەر شەش هەفتە جارێك پێویستە تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێت، لەپاڵ ئەمەشدا بوار و دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ قوتابیان . وتار و کورتە ڕاپۆرت و ڕاپۆرت و کورتە باسەکانیان پێشکەش بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە وەك هاندان و پێزانین و دەستخۆشییەك قوتابی سەرکەوتوو بەچەند نمرەیەکی شایان و شایستە پاداشتی کار و پرۆژەکەی وەربگرێت.

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**